# هاوپەیمانی کوردبەکۆمەڵێك مەرجەوە لەدەوڵەتی ئایندەی عێراقدا.

ئەبوبکرئەحمەد سلێمان

لەبەرئەوەی نەتەوەی کوردکەمایەتیەکی بچوکەلەعێراقدا و لەپرۆسەیەی سیاسی وگەمەی پارلەمانیداولەرێگای دەنگی زۆرایەتی وشەرعیەتی حیلەدیموکراسی یەوە ئیمکانی ئەوەهەیەبەئاسانی کێشەی کوردبخرێتە پەراوێزەوە ، نوێنەران وپارلەمانتارانی لیستی هاپەیمانی کوردی بەکەمایەتیەکی ئاوابچوکەوە لەناوئەنجومەنی نیشتیمانی عێراقدا ناتوانن تەرح وبەرنامەکانی خۆیان سەبارەت بەمەسەلەگرنەکانی دوارۆژ وچارەنوسی سیاسی کوردستان ببەنەپێشەوەوبەدەنگی زۆرایەتی ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتیمانی بیکەنەبڕیار ، هەرلەم سۆنگەیەوە حیزبەکوردستانیەکان بەچاوی گومانەوە دەڕواننەڕەقیبەکانیان لەوململانەسیاسی یەدا ، هەربۆیەش لەم دوایانەداکۆمەڵێک پێش مەرجیان داناوە بۆهاوپەیمانی لەگەڵ هەرلایەنێکی سیاسی عێراقی دا .

لەکاتێکدائەگەرمەرجەکانی لیستی کوردی لەهاوپەیمانی لەگەڵ هەرلایەنێکدابۆدامەزراندنی دەوڵەتی نوێی عێراق قبولێش کران ، وە ئەگەرئەومەرجانەلەدەستوری هەمیشەیی عێراقدا ولەلایەن ئەنجومەنی نیشتیمانی عێراق ولەدوای دەنگدانی گشتی بەشێوەیەکی ڕەسمی ویاسایی نەچەسپێندرێن ، هیچ زەمانەتێکی دیکەنیەبۆئەوەی کەلەدوای هەڵبژاردنەکانی داهاتوی عێراق کەبڕیارە لەکۆتایی ئەمساڵدائەنجام بدرێت ودەوڵەتی ئایندەی عێراق لەورێککەوتن وهاوپەیمانەتیەی ئێستای نێوان حیزب ولایەنەسیاسی یەکانی عێراق پەشیمان نابێتەوە .

لەسیستمی پارلەمانی وحیلەشەرعی دیموکراسی یانەداجگەلەدەستوری هەمیشەیی وڵات هیچ بەڵگەنامەیەکی دیکەلەجۆری هاوپەیمانی ورێککەوتنـــــامەنابێتەوەسیقەیەکیکی شەرعی ویاسایی ولەهەرئاڵوگۆڕێکی تازەداهەموئەوهاوپەیمانەتی و ڕێککەوتنـــامانەی کەپێشترئیمزایان لەسەرئەکرێت قابیلی ئەوەیە تێک بدرێت وهەڵبوەشێتەوە وجگەلەمانەش هیچ ئیعتبارێکی سیاسی نێودەوڵەتیشی لەپشت نیە .

هاوپەیمانەتی سیاسی وکاری هاوبەش بەپێی بەرژەوەندی ڕۆژ ڕێک ئەخرێت ولەهەرکاتێکدائەم هاوکێشەیەبەهەرئەندازەیەک گۆڕانی بەسەرداهات بەوئەندازەیەش کاریگەری ئەبێت لەسەر ئایندەی سیاسی ئەوهاوپەیمانەتیە ، لەلایەکی ترەوە بەهۆی بەشداری حیزبەکوردستانیەکان لەهەڵبژاردنەگشتی یەکانی عێراقدا بۆئەنجومەنی نیشتیمانی شەرعیەت وڕەســمیەتی داوەبەعێراقی بونی کوردستان وهەربەم مانایەش کێشەی خەڵکی کوردستان لەلایەن کۆمەڵگای نێودەوڵەتی یەوە بەکێشەیەکی ناوخۆیی چاوی لێ ئەکرێت وبەبڕوای من هەروابەئاسانی ناتوانیت لەپشتیوانی یاسایی وسیاسی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بۆجیابونەوەی کوردستان کەڵک وەربگریت .

ئەوچوارمەرجانەی کەلەم دوایانەدادیاری کراوەلەلایەن لیستی هاوپەیمانی کورد ، ئەگەربتوانن بەشێوەیەکی یاسایی بیان چەسپێنن ، تارادەیەک چوارچێوەی دەسەڵاتی سیاسی کورد وسنوری جوگافیای کوردستان وماناوناوەرۆکی ئەوجۆرە فیدرالیەڕۆشن ئەکاتەوە کەکوردەکان داوای ئەکەن ، بەپێچەوانەشەوە ئەگەر ئەم مەتڵەبەسەرەتایانەی خەڵکی کوردستان لەدەستوری هەمیشەیی عێراقدا نەچەسپێندرێت بەتایبەتی کەئەم پرۆسەیەهەنگاوی یەکەمەلەدامەزراندنەوەی دەوڵەتی نوێی عێراقدا ئیترهەرهاوپەیمانەتیەکی کوردی لەگەڵ

هێزەعێراقیەکاندالەزەرەری دوارۆژی کوردە وبۆی هەیەئەوەی کەهەشیانەلەدەستی بدەن وجگەلەتەسلیم بونەوەهیچ مانایەکیتری نیە ، شیعەوسوننەلەبەرئەوە ئەمرۆ دڵی تۆرازی ئەکەن وهاوپەیمانەتیەکی کاتی لەگەڵ کوردەکاندائەبەستن ، تا بتوانن لەنزیکترین فرسەتداولەرێگای ئەنجومەنی نیشتیمانی عێراقی یەوە دەوڵەتێکی بەهێز دابمەزرێننەوە وسیادەوسەروەری وڵات لەدەست ئەمریکادەربهێنن وئەو وەعدوبەڵێنانەش کەئەیدەن بەکورد چەندین ساڵی پێ بەرێ ئەکەن وهەوڵ ئەدەن بەرێگای حیلە دیموکرسی یانە رۆژانەلێی کەم بکەنەوە .

لەسیاسەت دا دۆستایەتی وعەتف وئینساف نیە ، {سیاسەت یەعنی فەنی تعامل} هەموهاوپەیمانی وهاوکاریەکی سیاسیش لەسەربنەماکانی بەرژەوەندی هاوبەش دائەمەزرێت ، هەرکاتێکش هاوکێشەی ئەوبەرژەوەندیەتێکچو هاوپەیمانەتی وهاوکاری سیاسیش ماناو ئیعتباری خۆی لەدەست ئەدات ، ئەوکاتەی کەبەسیاسەتێکی نێودەوڵەتی ولەسەربنەمای بەرژەوەندی ئەقتابەکانی دنیای دەسەڵاتداروسەرمایەداری جیهانی کوردستان دابەشکراوە ورێگەیان پێ نەداوە دەوڵەتێکی سەربەخۆ پێک بهێنێت ، یەکێک لەهۆکارەکانی هەرئەوەبو کە کوردستان لەروی جوگرافیایی یەوە گرنگیەکی ئەوتۆی نیەبۆبەستنەوەی رایەڵەکانی پەیەوەندی جیهانی سەرمایینداری ، ئەم هۆکارەش بەهانەیەکی سروشتی وئەزەلیەسەبارەت بەجوگرافیای کوردستان وچارەسەری ئەم کێشەیەپێویستی بەهەبونی بنەماسروشتی یەکانی بەرژەوەندی وئیرادەی سیاسی ئیقلیمی وجیهانی هەیە .

تێبینیەکی پێویست

من کەسێکی یاساناس نیم وکەم وزۆرهیچ شتێک لەبارەی یاساوەنازانم ، من کەلەچەندشوێنێکدا وشەی یاسام بەکار هێناوە پشتم بەستوە بەچەندزانیاریەکی یاسایی کەلەرۆژنامەوگۆڤارەگشتی یەکاندا بڵاوکرونەتەوە .

2005-3-3 هۆڵندا